# ڕەنگدانەوەی بنەماکانی هێماگەریی
# لە کۆشیعری ( سەد و یەکشەوە )ی سەباح ڕەنجدەردا

**ID No. 335**

(PP 20 - 33)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.2

**شەرمین ئیبراهیم عەزیز**     **محەمەد بەکر محەمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

shrmen.azeez@su.edu.krd     mohammed.bakir@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/05/31**

**پەسندکردن : 2022/07/03**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

هێماگەریی وەك ڕێبازێکی ئەدەبی بەگشتی و شیعری بەتایبەتی، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەسەر چەند بنەمایەکی هزری و زمانی دامەزرا، لەگەڵ چەمك و بەکارهێنانەکانی هێمای کلاسیکدا جیاوازییەکی زۆریان هەبوو، کە پتر پێوەندییان بە جیهانی دەرەوەی مرۆڤەوە هەبوو، بەڵام ڕێبازی هێماگەریی پتر جەختی لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤ دەکردەوە، بەو پێیەی کرۆکی هەر کردەیەکی نوێخوازییە، بۆیە دەبینین بابەتەکانی وەك (خەون و خەیاڵ، ڕەشبینی، زمان ئاڵۆزی، نارِوونی و تەمومژی، زمانی مۆسیقی و خودبوون) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە بەرهەمی شاعیرانی ڕێبازەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم بابەتە لەم توێژینەوەیەدا بەسەربکەینەوە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی بنەماکانی هێماگەریی لە کۆشیعری " سەد و یەکشەوە "ی سەباح ڕەنجدەر)دا بەو پێیەی، کە "سەباح ڕەنجدەر" وەك یەکێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی قۆناغی ئەمڕۆی شیعری کوردی، گرنگییەکی زۆری بە هێما و بەکارهێنانی فراوانی لە شیعرەکانیدا داوە و توانیوویەتی بنەماکانی هێماگەریی لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەبکات.

**کلیلە وشەکان:** (هێماگەری، تەمومژی، خەون و خەیاڵ، زمانی ئاڵۆز، ڕەشبینی).

## پێشەکی

هێما، پێکهاتەیەکی کاریگەر و وزەبەخشی نائاگایی مرۆڤەکانە. مەسەلەی هێما و هێماگەریی لە ئەدەب و هونەر و هزردا، ڕیشە و مێژوویەکی قووڵ و کۆنی هەیە، بەڵام وەک بزاڤێکی تازە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دژ بە تەوژمە ئەدەبیی و هزرییەکانی پێشخۆی بەتایبەتی دژ بە ڕێبازی ریالیزم و ناتۆرالیزم و فۆرمالیستی پەڕناسەکان سەریهەڵداوە، خاوەنی چەندین بنەمایە، ئێمەش لەو سۆنگەیەوە، هەوڵی نووسینی ئەم توێژینەوەیەمان داوە لە سنووری دوو تەوەردا.

لە تەوەری یەکەمدا باسی زاراوەی ((هێما))مان کردووە، هەندێک لەو بۆچوونانەمان خستۆتەڕوو، کە لەبارەی چەمکی هێما لە سەرچاوەکاندا بەدی دەکرێن، لەوانە " کۆلیردج، فرۆید، مالارمێ، فەرهاد کرمانی". پاشان بەشێوەیەکی کورت باسمان لە پەیدابوونی هێماگەریی وەک ڕێبازێکی هونەری و ئەدەبی کردووە. دواتر هاتووین خاڵ بە خاڵ باسمان لە بنەماکانی هێماگەریی کردووە.

لە تەوەری دووەمدا، کە تەوەرە پراکتیکییەکەیە هاتووین کۆشیعری "سەدویەکشەوە"ی "سەباح ڕەنجدەر"مان وەکو نموونە وەرگرتووە، بنەماکانی هێماگەرییمان تێدا دەستنیشانکردووە. بەپشت بەستنمان بەو بنەمایانەی، کە لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەماندا باسمان لێوە کردووە.

توێژینەوەکە، بە پێی میتۆدی وەسفیی شیکاریی کاری کردووە. گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە باسی بنەماکانی هێماگەریی و مەزراندنی لە شیعردا دەکات، کە پێشتر توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەدا دەربارەی کۆ شیعری "سەد و یەکشەوە"ی "سەباح ڕەنجدەر" ئەنجام نەدراوە، هەر ئەمەش هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە.

لە کۆتایشدا بە چەند خاڵێک ئاماژەمان بەو ئەنجامانە کردووە، کە لەمیانەی باسەکەماندا پێگەیشتوون.

**١- چەمک و بنەماکانی هێماگەریی:**

**١-١- زاراوە و چەمکی هێماگەریی**

ئەم زاراوەیە، وەکو هەر زاراوەیەکی دیکە واتایی جۆراوجۆر وەرگرتووە. لەهەر سەردەمێکدا بە پێی ئەو قۆناغ و گۆڕانکارییانەی بەسەر هزری کۆمەڵگە بەگشتی و فەیلەسووف و بیریاراندا هاتووە، ئەو واتایەی وەرگرتووە، کە لەگەڵ قۆناغەکە گونجاو بووە. بۆ نموونە دەکرێت بڵێین: لەوانەیە (ئەرستۆ) یەکەم کەسایەتییە لەسەر ئاستی زماندا لەم وشەیە دوابێت، کە دەڵێت: (( وشەی هێما واتا شتی هەست پێکراو دواتر ئەبستراکت، کە پەیوەندی بە پلەیەکی بەرزترەوە لە پلەی هەستدا هەیە)) (الحمدانی، ١٩٨٩، ص٢٢٥). زاراوەی هێما، لە زمانی یۆنانی کۆندا بەواتای (نرخپێدان) هاتووە. بنچینەی زاراوەی (symbol) لە کاری یۆنانی(symballein) وەرگیراوە، (sam) واتای (لەگەڵ) و (bollein) بە واتای (بایەخپێدان و رێزلێنان)دێت. بەلای ڕۆژئاواییەکان بنچینە سەرەتاییەکەی بۆ کاری یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. واتە: هاوبەشی دوو شت لەیەک سەرچاوەدا و یەکگرتنیان، ئەو دوو شتەش هێما و هێمابۆکراو.(الایوبی، ١٩٨٢،ص٨)

ڕیشەی (symbol) مێژوویەکی دوورودرێژی لە زانستی خوداناسی (theology)دا هەیە، کە هاوتای (creed)ە، بەواتای (دەستووری بڕوای مەسیحیەت) دێت. کەوابێت هێما لە کۆندا، بەشێوەیەکی گشتی لە دروشمە ئاینییەکان و هونەرە جوانەکان، بەتایبەتیش لە شیعردا بەکارهاتووە، ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەهایەکی هێماگەریی لە زانستەکانی لۆژیک و بیرکاری و سیمانتیکدا هەیە. (احمد، ١٩٧٨، ص٣٣)

زاراوەی هێما، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بەم شێوەیە واتاکەی ڕوون کراوەتەوە: ((جووڵەیەکی بێدەنگی زمانە، لە شێوەی چپە، بە جووڵاندنی لێو، بە بێ هیچ دەنگێک، دەڵێن: هێما ئاماژەیەکە لەڕێگەی لێو، چاو، برۆ و دەمەوە)) (الأفریقی، ١٩٩٧، ل٣٥٦). بەهەمان شێوەی ئەو فەرهەنگە، لە فەرهەنگی (لغتنامە دهخدا)ی فارسیشدا، زاراوەی هێما ڕوون کراوەتەوە، کە دەڵێت: ((هێما، ئاماژەدانێکە بە لێو، یان بە برۆ و چاو)) (دهخدا، ١٣٤٢، ل١٨٣٧).

پاش ئاشنابوونمان بە زاراوەی هێما، ئێستا پێویستە وەک چەمکیش بیناسین. هێما وەک چەمک بیر و ڕای زۆر و جیاوازی لەسەر وتراوە و دەووترێت. هەر یەکە بەپێی سەردەم و شوێن و کاریگەرییەکەی شتیان لەبارەیەوە گوتووە، بۆ نموونە (کۆلیردج) هێما پەیوەست دەکات بە خەیاڵ، دەڵێت: خەیاڵ ڕەمز بەرهەمدەهێنێت. (هامین، ١٩٦٠، ص٢٤٠) دەروونناسێکی وەک (فرۆید)یش هێما بە خەونەوە دەبەستێتەوە و پێیوایە بەهۆی خەونەوە ئەو چەپاندن و قەدەغەکراوانە لێکدەدرێتەوە. (دوران، ١٩٩١، ص٦٠). مالارمێ (١٨٢٢-١٨٩٨)، کە هێماگەری گەیاندە لووتکە، دەڵێت: (( وشە بە واتای دەلالی خۆی بارکراوە، لەبارەی ئەو جیهانە ڕاستەقینە کە جیهانی جوانی و نموونەییە ناتوانێت واتای دیکە بەدەستەوە بدات)) (انطونیوس، ص٢٧٥). هەروەها (فەرهاد کرمانی)یش هێما وەک بزوێنەر و وزەبەخشی نائاگایی دادەنێت و دەڵێت: ((هێما پێکهاتەیەکی کاریگەر و وزەبەخشی نائاگایی مرۆڤەکانە و بە ئاراستەیەکی نادیاریکراودا دەڕوا و گەردوونێکی شووشەییە و وێنەکان تیایدا پێچەوانە و چەند جارە دەبنەوە)) (کرمانی، ٢٠٠٠، ل٥). لەو بیر و بۆچوونانەی، کە زانایان خستوویانەتە ڕوو هێماگەریی بە پێکهێنەرە هزری و دەروونییەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە، ئینجا هەر یەکێکیان لە چوارچێوەی فەلسەفە و تیۆرە تایبەتییەکەی خۆیانەوە جەختیان لەو چەمکە کردۆتەوە.

دوو ئاست هەن، بوونەتەهۆی دەرکەوتنی هێما وەک چەمکێکی سەربەخۆ، ئەوانیش:

١- ئاستی داڕشتنی هونەریی و قاڵبی هێماکارییەکەی.

٢- ئاستی ئەو ئیحا بەخشینەی کە لە ئەنجامی کارلێکردنی دەروونییەوە پەیدا دەبن.(احمد، ١٩٧٨، ص٤١) ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، ( ئەرستۆ) پێیوایە هێما سێ ئاستی هەیە:

١- هێمای تیۆریی، یان لۆژیکیی:- ئەم ئاستە لە مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢- هێمای پراکتکیی:- مەبەست لەم ئاستە کردارە.

٣- هێمای شیعریی، یان ئێستێتیکایی:- ئەم ئاستە مەبەستی لە دۆخی ناوەرۆکی ئاڵۆزە لەبارە دەروونییەکان، یان هەڵوێستێکی سۆزداری و ویژدانییە. (نصر، ١٩٧٨، ص١٩) بەمەش دەتوانین بڵێین: هێما بەشێوەیەکی سەرەکی دوو واتا دەبەخشێت، ئەوانیش:

١- هێما، شتێکە لەجیاتی شتێکی دیکە، یان ئیحایە بۆ شتێکی دیکە.

٢- هێما، کارتێکردنە لە نێوان دوو شتدا، یەکێکیان دیارە و ئەوی دیکەیان نادیارە. (عبدالرحمن، ١٩٧٩، ص١١٩)

لەکۆتاییدا، دەگەینە ئەو ئاکامە و بڵێین: نووسەر و هونەرمەند و داهێنەران لە ئێستادا زیاتر پشت بە ئیحا دەبەستن، کە ئەویش بریتییە لە دەربڕینی شت بە شتێکی دیکە. هەروەها دەکرێت هێما بەسەر سێ جۆر دابەش بکەین:

١- هێمای کەسیی (شخصی):- ئەو هێمایانەن کە خودی خاوەنەکەی درکی پێدەکات، واتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی کەسەکەوە هەیە.

٢- هێمای ڕەسەن (الاصیل):- ئەو هێمایانەن، کە تەنیا لە چوارچێوەی کردەی ئەدەبییەوە واتاکانی دەردەکەون.

٣- هێمای نەریتیی (تقلیدی):- ئەو هێمایانەن، کە لای هەموو کەس ناسراون. (عبدالله، ١٩٨٦،ص٣٣)

**٢-١-مێژووی سەرهەڵدانی هێماگەری:**

هێماگەریی وەکو بزاڤێکی هونەریی و ئەدەبیی، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بە دیاریکراوی لە سەرەتای ساڵانی "١٨٨٠"بەملاوە دەستیپێکرد. ئەم ڕێبازە بە پێچەوانەی ڕێبازی ریالیزم و فۆرمالیستیی پەڕناسەکان لە ئەدەبیات و هونەردا، لە فەڕەنسا سەریهەڵدا و نەشونمایکرد. ئەوەی زیاتر ئەو بزاڤەیان بەرێوەدەبرد، کۆمەڵێک گەنجی نیگارکێش و شاعیر و شانۆنامەنووسی یاخی بوون، ڕەوش و بارودۆخە گشتییەکەی سەردەمی خۆیان ڕەتدەکردەوە. هێزە سیاسیی و سەربازیی و ئاکارییەکانیان وەک یەک بێ بایەخ و مایەپووچ هەژماردەکرد. لەم بارەیەوە ڕەوتێکی ئاژاوەگێڕیان هەبوو. (موورادی، ل٢٧ ) ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هەندێک پێیانوایە هێماگەریی ((کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر ڕێبازی ناتۆرالیزم و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم، کە تەنیا پەیوەندییان بە واقیعەتی بینراو و هەستپێکراو هەبوو، بە وتەی خۆیان ڕەواجیان بە هەقیقەت نووسی و واقیعگۆیی دەدا بەرامبەر بەمە سیمبولیستەکان لەدوای بانگەوازی نیشاندانی واقیعەتێکی تازە بوون، کە واقیعەتێکی پەنهانە)) (شەمیسا، ٢٠١٨، ل١٧٩). ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە مەسەلەی هێما و هێماگەریی لە ئەدەب و هونەر و هزردا ڕیشە و مێژوویەکی قووڵ و کۆنی هەیە، بەڵام وەک بزاڤێکی ئەدەبیی تازە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دژ بە تەوژمە ئەدەبیی و هزرییەکانی پێشخۆی بەتایبەتی وەک، ڕێبازی ریالیزم و ناتۆرالیزم و فۆرمالیستیی پەڕناسەکان سەریهەڵداوە.

لەبارەی دەرکەوتنی هێماگەرییەوە بیر وبۆچوونەکان جیاوازن، هەندێک پێیانوایە "پۆل ڤێرلین"، لە ساڵی ١٨٨٣، لە گۆڤاری (لووتێسlutece)، بە ناونیشانی (شاعیرانی داڕووخاو)دا سێ لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئێستێتیکای شیعرەکانی (تریستان کۆربیێرcorbiere و ڕامبۆ و مالامێ) بڵاو کردبووە. لەو گۆڤارە ویستبووی چەند پرەنسیپێکی نوێ بۆ نووسین و داهێنان دابڕێژێت، کە زەمینەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی شەپۆلی شیعری (داڕووخاوەکان decadents) و پاشان بۆ سەرهەڵدانی هێماگەریی. (پیرباڵ، ل ١٤٣) "ڤێرلین"، بەمەش نەوەستا توانی لەساڵی ١٨٨٤دا کتێبەکەی بەناوی (هونەری شیعری) بڵاو بکاتەوە و تێیدا ڕەوانبێژی ڕەتبکاتەوە. (شەمیسا، ل١٩٣) هەر لەو کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە شیعر زێتر لە مۆسیقاوە نزیک ببێتەوە وەک لە وێنەکێشان. (انطونیوس، ١٩٧٥، ص٢٧٥) کەواتە دەکرێت بڵێین: شیعرەکانی "ڤێرلین" ڕۆڵیان بینی لە خستنەڕووی هێماگەریی وەکو شەپۆلێکی ئەدەبیی. پێش "ڤێرلین"، "شارڵ بۆدلێر"، کە بە ڕێبازی پەڕناس دەستی بە شیعرنووسین کردبوو، بنچینەکانی هێماگەریی بە دیوانەکەی خۆی، بەناوی (گوڵەکانی شەڕ) لەساڵی "١٨٥٧ "دامەزراند. (پیرباڵ:٢٠٠٤،ل١٤٣) دوابەدوای ئەمانە چەندین شاعیر ونووسەری دیکە وەکو"مۆریس و مالارمێ و ڕامبۆ" لەساڵی" ١٨٨٦" بەدواوە توانییان بەرهەم و بیروبۆچونەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە. بۆ نموونە "ڕامبۆ"ی شاعیر کۆمەڵە شیعرێکی بەناونیشانی (درەوشانەوەکان) لەساڵی "١٨٨٦"دا بڵاوکردەوە. ساڵێک دوای ئەویش، واتە لەساڵی "١٨٨٧ "دا "ستێڤان مالارمێ" دیوانی (شیعرەکان) بڵاو دەکاتەوە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو کۆمەڵە شیعرانە و بڵاوکراوانەوە بە بەردەوامی وای لێهات هێماگەریی وەکو جووڵانەوەیەکی ئەدەبی لە ساڵی"١٨٩٠" بگاتە لووتکە. (پیرباڵ، ل١٤٤)

لێرەدا ڕاستییەک هەیە پێویستە بووترێت، ئەویش ئەوەیە بیرۆکەی هێماگەریی "مۆرێس" لەگەڵ "مالامێ" یەکدەگرێتەوە، کە دەڵێت: هەقیقەت لە ڕێگەی شیعرەوە بە باشترین شێوە دەربڕینی بۆ دەکرێت، لەبەرئەوەی هاوتەریبی سروشت دەبێت لەبری ئەوەی لاساییبکاتەوە، کە ئەمەش باوەڕی سەرەکی ئەو جووڵانەوە ئەدەبییە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، "مالارمێ" دەڵێت: "کاتێک کە ناو لە شتێک دەنێیت، وەکو ئەوە وایە کە سێ لەسەر چواری ئەو چێژەی کە لەکاتی شیعر خوێندنەوەدا دەیبینێت بەرتەسک دەبێتەوە. پێشنیازکراوە کە ئەمەش خەونەکەیە".(? ,Myers, 2007 ) کەواتە دەکرێت بڵێین: هێماگەریی لە ئەدەبدا بەکاردێت بۆ دروستکردنی کاریگەری بەجۆرێک مانایەکی دیکە بە (شت، کار، ناو)دەبەخشێت. واتە شتێکی چەسپاو و واقیعی دەهێنێت و شتێکی دیکەی پێوەی پەیوەست دەکات بۆ ئەوەی مانایەکی نوێ و بەهایەکی تازەی پێببەخشێت. واتە بوار بە نووسەر دەدات کە بە ناڕاستەوخۆیی پەیامەکەی لە ڕێگەی شیعرەوە بگوازێتەوە لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەریببڕێت بۆ

ئەوەی ئاڵۆزی و تەمومژێکی تێدا دروست بکات. بەمەش هێما دەبێتە پاڵپشتێکی گونجاو بۆ دەربڕینی ئەو شتەی کە نووسەر دەیەوێت بیگەیەنێت.

هێماگەریی؛ بیرۆکەی ئەوەمان دەداتێ کە شتێک دەتوانێت شتێکی دیکە بنوێنێت. دەکرێت ئەمە بکەینە پرسیار و بڵێین ئەمە مانای چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین ڕەنگی "سوور" وەک نموونە وەربگرین، ڕەنگی سوور تەنها ئەوە نییە کە ڕەنگێکە و تەواو؛ بەڵکو چەندین واتا لەخۆدەگرێت، یان دەگەیەنێت، وەک (خۆشەویستی، پەیوەستبوون)، یان دەتوانێت پێچەوانەکەشی بنوێنێت کە ناپاکییە. جگە لەمەش هێمای خوێنە، یان دەکرێت هێمایەک بێت بۆ وەستان یان کۆمۆنیسزم. ئەمەش دەرخەری پەیوەندی نێوان کولتوور و هێمایە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان زمان و هێمایە. بێگومان ڕەنگی "سوور" وەکو هێمایەک لەناو کولتوور و بە پێی داب و نەریتەکان خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت و دەلالەتی جیاجیا بە دەست دەدات، بێگومان ئەمەش بە سروشتی زمانی بەکارهاتوو لەناو کولتووێکی بە کارهاتوو پەیوەست دەبێت. بە واتایەکی دیکە دەکرێت هەموو شتێک بنوێنێت، یان هیچ شتێک بنوێنێت. لە ڕاستیدا خۆی هیچ نییە، بەڵکو ئەوە ئێمەین بەهای پێدەبەخشین. دیسان لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا دەکرێت هێمایەک هەموومان لەسەری ڕێک بکەویین؟ وەڵامەکەی بێگومان نەخێر، چونکە ئەمە شتێکی ڕێژەییە. لە ئەنجامی ئەمەدا دەتوانین مەبەستی سەرەکی و بنچینەیی هێماگەرییەکان لە بواری شیعردا بخەینەڕوو، هەروەک " ڕینێ ویللک " دەڵێت مەبەستی سەرەکی ئەوان: (( بریتی بوو لە خۆدابڕان لە کەلەپووری "هۆگۆ" و"پەرناسەکان"، ئەوان دەیانویست وشەکان نەک بدوێن، بەڵکو ببنە بەشێکی یەکگرتووی بابەتەکان، مۆسیقای شیعر لە کێشە باوەکانی ئەسکەندەریی دوانزە بڕگەیی فەرەنسی دووربکەوێتەوە و ئەوەندەش بایەخ بە قافیە نەدرێت)) (بەکر، ٢٠٠٤، ل٢٤).

**١- ٣- بنەماکانی هێماگەری**

**١-٣-١ ڕەشبینی:**

ڕەشبینی لای هێماگەرییەکان سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە ئاڵۆزەی، کە لە ئەنجامی ئەو توندوتیژیەی کە چینی بۆرژوا هێنابویانەکایەوە، بەمەبەستی دەربازبوون لەو بارودۆخەدا پەنایان بردە بەر ئەو جۆرە دەربڕینە. بەسوود وەرگرتن لە بیروبۆچوونەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی "شۆپنهاوەر" زیاتر دەرگایان بۆ واڵابوو تاکو لەو نەهامەتییە دەربچن، چونکە بە بۆچوونی ئەم فەیلەسووفە ((جگە لە خەون و بیرەکانمان ڕاستییەکی دیکە لە گێتیدا نییە و ئێمە لە ڕوانگەی خودی خۆمانەوە دەڕوانینە جیهانی دەرەوەمان، یان لە ڕوانگەی ئەو وێنەیەی، کە شوێنەوارمان لەلا بەجێ دەهێڵێت و ئەو هەڵچوونانەی جیهانی دەرەوە لە دەروونماندا دەیانورووژێنێت)) (پیرباڵ،ل١٤٢). ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕەشبینیەی شۆپنهاوەر کاریگەرێکی زۆر لەسەر شاعیرانی هێماگەریی دروستکردبوو، بەمەش هێماگەرەکان لە خودبوونێکی قووڵدا نغرۆبوو بوون و لە پشت پەردەی خەیاڵەوە دەیانڕوانییە هەموو شتێک. (حسەینی، ل١٦٣) هەربۆیە دەوترێت هێماگەرەکان(( لەژێر کاریگەری "شۆپنهاوەر"دا گشتیان کەسانی ڕەشبین بوون)) (شەمیسا، ل١٩٩).

دیارە ئەمە بۆ ئەدەبیی ڕۆژئاوایی تاڕادەیەکی باش کاریگەریی هەبووە، بەڵام بۆ ئەدەبیی کوردی بەو شێوەیە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرانمان تاڕادەیەک ڕەشبینی لە بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرێت. ئەویش بەهۆکار و ڕووداوی کەسیی و ئەزموونی تایبەتی بووە، نەک بە هۆی کاریگەری "شۆپنهاوەر"

**١-٣-٢- خەون و خەیاڵ**

خەون و خەیاڵ، بنەمایەک بوو لە بنەما دیارەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، کەچی ڕیالیزم و پەڕناسەکان دژیبوون و هەوڵی دوورخستنەوەیان دەدات، بەڵام لەڕێگەی هێماگەرەکانەوە هاتەوە ناو ئەدەبیات، لەبەر ئەوەی هێماگەرەکان ((لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ڕەشبینیانەی شۆپنهاوەر (١٧٨٨-١٨٦٠)دا بوون، جیهانی ئەوان جیهانی نقووم بوون لە تەم و تاریکی و خەم و خەفەتە، بە تێڕوانینی ئەوان جیهان نهێنییەکە بە خەیاڵکردن ئاشکرا دەبێت)) (شەمیسا، ل١٩٧). پەنا بردنەبەر خەو و خەیاڵ لای هێماگەرەکان بۆ هێنانەکایەی جوانی و ئێستێتیکایە لە دەقدا، چونکە پێیانوایە ((جوانی و ئیستێتیکای شیعر لەسەرووی ڕەگەزەکانی دیکەوەن، جوانی دوا ئامانجی شیعرە، تەنها ڕێگەش بۆ گەیشتن بە جوانی، بریتییە لە خەیاڵ و ئیحا و خەون، واتە هێما و وێنەی هێمایی)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ل٢١٠).

**١-٣-٣- زمانی ئاڵۆز**

ئەو بنەما جیاکەرەوەییە، کە ڕێبازەکانی دیکەی پێش ئەو پەیڕەوویان نەکردووە، بگرە بۆتە خاڵێکی جیاکەرەوەی نێوانیان. بەشێوەیەکی گشتی زمانی هێماگەران زمانێکی ئاڵۆزە، هەر بە تێڕوانینی خۆیان زمان نابێت لۆژیکی بێت، هەربۆیە زمانەکەیان وەکو زمانی خەونە. بۆ نموونە زمانی شاعیرێکی وەکو " مالارمێ " کە بە نادیاری و ناڕوونی بەناوبانگە و پێویستی بە شیکردنەوە و لێکدانەوە هەیە. (شەمیسا، ل١٩٨) ئەوەش لەڕێگەی زمانی هێماگەری دەبێت، هەروەک چۆن "شارڵ بۆدلێر"ییش ئەمەی پشتڕاستکردۆتەوە، کە دەڵێت: ((دنیا جەنگەڵێکە لێوانێوی ڕەمز و ئاماژە. ڕاستی لە مرۆڤ شاردراوەتەوە، تەنیا هونەرمەند دەتوانێ ئەو نهێنییانەی ژیان بدۆزێتەوە و لێکیان بداتەوە، ئەویش بە زمانێکی سمبووڵی)) (پیرباڵ، ل١٤٣).

١-٣-٤- زمانی مۆسیقیی

خۆشویستنی مۆسیقا لەلایەن هێماگەران وایکرد، کە مۆسیقای (ڤاگنەر)یان خۆشبوێت. هەربۆیە گرینگییان بە ئاوازداربوونی وشەکان دەدا و دەیانگوت: شاعیر دەبێت زمانی بیر و هەستەکانی خۆی بەدەست مۆسیقای وشەکان بسپێرێت. هەر ئەم مۆسیقایەش بوو ((پاڵی بە کەسانێکەوە نا بیر لە دانانی جۆرە شیعرێکی خۆشئاهەنگی وا بکەنەوە کە چەشنی پارچە مۆسیقایەک لەگەڵ ئامێری مۆسیقادا لێ بدرێت و بۆ ئەم شیعرەش زرنگاوەترین و خەوناویترین واژە هەڵبژێردرێت لە هەمان کاتدا ئەو پێوەندییە نهێنییە دەربخات کە ئەم بابەتە بە بابەتە گشتییەکانی ترەوە دەبەستێتەوە))(پیرباڵ، ل١٤٢). هەر ئەمەش وای لە "مالارمێ" کرد بڵێت: ((لە نێوان دەنگ و واتادا پێوەندییەکی تایبەت هەیە، کە شاعیر پێویستە هەستی پێبکات، بە نموونە بڕگەی sn شوومە و لە ئینگلیزیدا" snake "بەواتای مار و" sneer "بە واتای گاڵتەپێکردنە، بەڵام بڕگەی" fi "باڵایە وەکو ئەوەی لە" fly "بە واتای فڕین و لە" flow "بە واتای لێشاوە، شتێکی لووتکەگر و ڕەوان بوونی هەیە))(شەمیسا، ل١٩٨-١٩٩). ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، گاریگەرێتی مۆسیقای "ریتچارد ڤاگنەر" بەسەر شاعیرانی هێماگەریی وایکرد، کە ڕەخنەگرێکی فەرەنسی وەک "بوازا" دان بەو کاریگەرییە بنێت لەسەر شیعری "بۆدلێر" کاتێک، کە وتوویەتی: ((بە مۆسیقاکەی لە زەوی و جیهانی ماددەوەی بەرزکردۆتەوە و بەرەو جیهانی بێ سنووری سەرەوە ڕاکێشاوە))(پیرباڵ، ل١٤٢). چونکە بۆدلێر هەوڵی تەواوی خۆی دا بۆ ئەوەی خاسیەتە تاکەکانی مۆسیقای ڤاگنەری لە شیعرەکانیدا بنوێنێت. جگە لەمەش وەکو ئەو هەوڵی دا، کە شیعر بکاتە ئامرازێک هەستی مرۆڤی تێدا بخرۆشێنێ و بتوانی لە ڕێگای ئیحا و پەیوەندیەکانی بێ کۆتاییەوە بە ڕەها بگات. هەر لەبەر ئەمەش بوو هێماگەرەکان بایەخیان بە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان شیعر و مۆسیقا دا، کە هەردووکیان بەهێزترین ئامرازی ئیحان. (میراودەلی، ل٢٩٢)

**١-٣-٥- خودبوون**

بنەمایەکی دیکە، کە هێماگەرەکان پێدەناسرێنەوە، چونکە هێماگەرەکان ((ڕاگەیاندنێکی خودییە لە مانای تەمومژاوی، کە بینای تیژڕۆ و خەیاڵی بەرزە فڕی هونەرمەند بە شێوازێکی ئاهەنگاوی و تازە بابەتی پڕ لە وێنەی ورووژێن و واژەی هێمادار دایدەڕێژن))(پیرباڵ، ل١٥١). کەوا بێت هەستی هێماگەرەکان، هەستێکی تاکە کەسین و تایبەتن، هەروەها شیعری هێماگەریی خۆییە، بە واتای ڕۆمانسییەکەی نا ، بەواتا فەلسەفییەکەی، بە واتایەکی دیکە واتە گەڕان بەدوای ئەو کون و کەلێنە شاراوانەی دەروونداکە زمان ناتوانێت دەریانبڕێ. (میراودەلی، ١٩٧٩، ل٢٩١ ) جگە لەمەش وێنەی شیعری لای هێماگەرەکان، زیاتر خودیین، ئەبستراکن نەک بابەتی، بەسوود وەرگرتن لە واقیع و گواستنەوەی بۆ جیهانی عەقڵ و ئاگایی ناوەوە، هەروەها ئایدیالیزمێکی ڕێژەیییە، چونکە پەیوەستە بە هزری ورد و سۆزەوە، زمانیش دەرچەی ئەو دەربڕینەیە. (هلال، ؟، ص٣٩٩) ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت، کە هێماگەرەکان بە تەواوەتی پشتیان لە جیهانی دەرەوە کردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو دەرچەیەک و ڕێخۆشکەرێک بۆ گەیشتن بە جیهانی ناوەوە و زیاتر ئاشنابوون بە نهێنییەکانی دەروون مامەڵەیان لەتەککردووە، ڕاستە هێما پشت بە پەیوەندی ناوەوەی دەق دەبەستێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە دەرەوەی دەقیش پەیوەستە. (عەلی، ٢٠١٥، ل٣٢)

**١-٣-٦- ناروونی و ئاڵۆزی(تەمومژی)**

ئەمەش بنەمایەکی دیکەیە، کە هێماگەری پێدەناسرێتەوە، چونکە ((تەمومژ ئایدیال و جوانی و خەون بە شیعر دەبەخشێت، پێچەوانەوەی ئەمەوە شیعری ڕوون و ڕاستەوخۆ، شتەکان لە جوانی و ئایدیال و سەرسوڕمان دادەماڵێت و خەون دەکوژێت)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ل٢١١). بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێباز و ڕەوتە شیعرییەکانی دیکە ئەو بنەمایەیان تێدا بەدیناکرێت، هی ئەوان جیاوازە وزیاتر ڕێژەییە، بەڵام هی هێماگەرییەکان زیاتر هەنگاونانە بەرەو تێکشکاندنی زمان و دروستکردنی بۆشاییە لەنێوان وشەکاندا و هێشتنەوەیەتی بۆ ئەوەی خوێنەر تا بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی خۆییەوە پڕیانبکاتەوە و لێکیانبداتەوە. هەربۆیە دەبینین هیماگەرەکان، هێما لە شیعرەکانیاندا ڕوون ناکەنەوە، چونکە هێما لای ئەوان هێمایەکی نەریتی و بڕیار لەسەر

دراو نییە، بەڵکو هێما تایبەتییەکانە، کە درککردنی شتێکی هەروا ئاسان نییە و بگرە قورسیشە، بۆیە هەر خوێنەرێک دەتوانێت بە شێوەیەکی تایبەت شیعرەکە درک بکات و تێبگات. (شەمیسا، ل١٩٩) دیارە ئەمەش ناڕوونێک و ئاڵۆزێک دەبەخشێتە شیعرەکە و بەمەش جوانیە ئێستێتیکیاکەی تێدا دەدرەوشێتەوە هەر وەک چۆن "ڤێرلین" باسی لێوەکردووە و دەڵێت : ((واتا شاراوەکان وەکو دوو چاوی جوان لەژێر پەچەوە دەدرەوشێنەوە)) (الجندی، ١٩٥٨، ل١٠٦). ئەو ناڕوونی و شاراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی داڕشتن و ڕێکخستنی وشەکانە لەلای شاعیر بە پلەی یەک، چونکە هەموو شیعرێکی قووڵ و گەورە، ناڕوون و ئاڵۆزە، بەئاسانیش خۆی بەدەستەوە نادات، جگە لەمەش بۆ خودی شیعرەکەش دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی پێکهاتە و داڕشتنی ئەو جۆرە ئاڵۆزییەی دروستکردووە.(عەبدولواحید، ١٩٩٧،ل٦٤-٦٦) .

تەمومژی بوونێکە پەیوەستە بە شیعربوون، بەلای شاعیرانی نوێخوازش پێویستێکی شیعرییە، بۆ نموونە ڕەخنەگرێک دەڵێت: (( من تەمومژ بە کارێکی پێویست دەزانم بۆ شیعر، ئەمەش بەو مانایە نا، خۆمان لە داخراویدا بدۆزینەوە. پێم وایە تەمومژ سروشتی شیعرە، سروشت و خەسڵێتێکە پێوەنی لکاوە. تەمومژ تەنانەت لە دەقە ڕوونەکانیشدا هەیە، ئەمە خەسڵەتی شیعرە، چونکە لە ناوچەی هەڵچوون و قووڵیی ناخ و ناوچە نادیارەکانەوە دێت )) (مستەفا، ٢٠٢١، ل١٨) . هەروەها وەکو سێبەر وایە بەدوای شیعرەوەیە و لێی جیا نابێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێن: هێماگەری خۆی لە ساکاری و دەربڕینی باو و لۆژیکی بەدوور دەگرێت، دەرگا بۆ خوێنەر واڵا دەکات تاوەکو لە ڕێگەی واهیمەی هزر و خەیاڵیەوە لە مەبەستی شیعر بگات. چونکە هێماگەرەکان پێیان وابوو، کە دەبێت شیعر بۆ خەڵکی ئاسایی وەک مەتەڵ و بۆ ڕۆشنبیریش وەک ژوورێکی پڕ مۆسیقا وابێت. (هیرلاندز، ١٩٨٦، ص ٥٦٦)

**2- ڕەنگدانەوەی بنەماکانی هێماگەریی لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح ڕەنجدەردا**

ئەو کۆشیعرە، سەد و یەک دەقە شیعری جیاوازی لەیەکتر لەخۆگرتووە. هەر دەقێکیش خاوەنی ناونیشانی خۆیەتی. لەم کۆشیعرەدا، ڕەسەنایەتی شاعیر بە دەردەکەوێت، کە توانیوویەتی ئاوڕ لە کۆمەڵە کەسانێکی ناوداری کۆمەڵگەی کوردەواریمان بداتەوە. بەڵام نەهاتووە ژیاننامە و ئاسۆی هزری ئەوان بخاتەڕوو، بەڵکو بۆ گەشکردنەوەی پەیامی گیانی خۆی ئەمەی کردووە، هەروەکو خۆی دەڵێت: ((نەهاتووم ئاسۆ و دوورییەکانی ژیانیان بکەمە ناوەند و خۆ دامەزراندنی خۆمی تێدا بگەشێنمەوە، بە شێوەی هەستیی ڕۆچوومەتە قووڵایی جیهانبینییان، تاڵە تیشکێکم گرتووە و ئاڕاستە و بیرکردنەوەم لەگەڵیدا خەملاندووە. تا خاڵێکم دۆزیوەتەوە و بەرجەستەم کردووە بۆ گەشکردنەوەی پەیامی گیانم، پەیامی خۆی فۆرم و بابەتێکی کراوەیە)) (ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ل١٠١).

لەم ئەزموونەدا، شاعیر زیاتر جەختی لەسەر دووبارەکردنەوەی جوانییە لەبن نەهاتووەکان کردۆتەوە، خۆی دوور خستۆتەوە لە لاساییکردنەوە، بەواتایەکی دیکە شاعیر بۆ بەردەوامی دانی بە داهێنانەکانی کاری لەسەر هەڵوەشانەوە و دووبارە بونیادنانەوە کردووە. کاری لەسەر پرسیار و ڕیتمە تازەکانی سەردەم کردووە، هەر لەمەشەوە دژی جێگیربوون وەستاوەتەوە. چونکە سروشتی شیعر بەگشتی و شیعری نوێ بەتایبەتی بەردەوام ئەزموونی تازە و پرسیاری تازە ڕووبەڕووی ئەزموونەکان دەکاتەوە و جێگیربوونی قبوڵ نییە، هەر لەوێشدا ڕێگا نادات دەق لە شوێن خۆیدا پێبکوتێت.

ئەگەر بەوردی سەیری هەر دەقێکی ئەدەبی، شیعریش بەتایبەتی بکەین، دەبینین خاوەنی دوو ئاستن؛ ئاستی هەواڵ گەیاندن، ئاستی هێماگەریی. دەقەکانی "ڕەنجدەر" زیاتر بەرەو ئاستی دووەمە، چونکە ئەم ئاستە زیاتر مامەڵە لەتەک زماندا دەکات و ڕووماڵێکی ناڕاستەوخۆی دەکات، بەرگێکی تەمومژی و ئاڵۆزی دەبەخشێتە پەیامەکە. دیارە ئەمەش پێویستی بە خوێنەری ڕۆشنبیر هەیە تا بتوانێت ئەو کۆدانە بکاتەوە.

بۆ لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی ئەو بنەما تایبەتیانەی هێماگەریی کە شاعیر بەرجەستەی کردوون لەم کۆشیعرەییدا، سەرەتا دەبێت لە ناونیشانەکەوە دەست پێبکەین، وەکو وتمان ناونیشانەکە (سەد و یەکشەوە)یە، پڕە لە تەمومژی واتایی و واتایەکی ڕوون نادات بەدەستەوە. ئەمە بەدیوێکیان بەدیوێکی دیکەدا ئەم ناونیشانە کاتێک بەر دید دەکەوێت (( یەکسەر خەیاڵ بۆ حیکایەتەکانی هەزار و یەکشەوە دەبات، واتە خەیاڵ وەگەڕدەخەن بۆ پانتایی گێڕانەوەی هەزار و یەکشەوە. تەنیا وەبیرهێنانە و بەس، لەخۆیاندا هۆکار و ئامرازی وەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی هەزار و یەکشەوە بەکار نابەن)) (مستەفا، ٢٠٢١، ل٢٥)؛ هەربۆیە لێرەدا خوێنەر پێویستی بە تێڕامان و تێگەیشتنی قووڵ هەیە، چونکە هەڵبژاردنی ژمارە لە کاری ئەدەبی خۆی لە خۆیدا هێمایە، خوێنەر بەرەو بیرکردنەوەی قووڵ پەلکێش دەکات. واتە: ئەم تەمومژییە یارمەتیدەرێکی باش نییە بۆ خوێنەر تا بەئاسانی بچێتە ناخی دەقەکانەوە. دیارە ئەمەش

بۆ خودی ئەو بونیادە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر هەڵیبژاردووە، کە خۆی لە بنیادی داماڵین دەبینێتەوە. بەمەش دەکرێت بڵێین ئەم ناونیشانە لەیەک کاتدا هەم سەرنجڕاکێش و تەمومژە هەمیش هەڵخەڵەتێنەرە.

دەقەکانی ئەم کۆشیعرە، تاڕادەیەکی باش دەقی هێمایین و پڕن لە ئاڵۆزی و تەمومژی، هەروەها خودان خەون و خەیاڵی تایبەتی شاعیرن، خەیاڵ پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە زۆربەی شیعرەکانیدا، بگرە بۆتە هەوێنی سەرەکی دروستبوونی شیعرەکانی و هێمای شیعرنووسینی، هێماکانیش خودان واتا و دەلالەتی جۆراوجۆرن. هەر ئەمەش وایکردووە، کە شیعرەکانی بێ خەیاڵکردن نەبن. شاعیر بەشێوەیەکی لێزانانە توانیوویەتی بنەما زمانییەکان تێکبدات و سەر لەنوێش زمانێکی شیعری تایبەت بەخۆی بهێنێتەکایەوە. لەڕاستییدا وشەکانی سادەن، ڕستەکان ڕوون و دیارن، بەڵام کاتێک ئەو وشە و ڕستانە دەگەنە قۆناغی تەواوکردنی وێنە شیعرییەکە هێماکان خۆیان پیشان دەدەن و دەبنە لەمپەر لەبەردەم سادە و ڕوونی وێنەکان. هەمدیسان ئەمەش بۆ بنەما و تایبەتمەندی شیعری نوێخوازی و ڕەهەندەکانی زمانی شاعیرەکە دەگەڕێتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو تایبەتیانە وا لەخوارەوە یەکە بەیەکە بە نموونەی شیعری نیشانیان دەدەین:

**٢-١- ڕەشبینی**

ئەو بابەتە زۆر بە کەمی لەم کۆشیعرەدا بەدیکراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێت، کە شاعیر هەردەم گەشبینە. ئەوەتە لە بەشێکی شیعری (ماسیگرە)دا باسی ڕەشبینی لە هزری کوردی دەکات، کاتێک تێکۆشەرێک و چاونەترسێکی قارەمانی وەک (ناسر شەیدا) دەکاتە نموونەی ئەو بابەتە. (ناسر شەیدا) کەسێک بوو لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار لە سەردەمی رژێمی ئەوسای بەعسدا کاریدەکرد، ئەو گیان فیدایە بە بەردەوامی هەڵدەستا بەبڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی شاخ بۆ گەیاندنی هەواڵ و هۆشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکانی ناو شار، کە دەڵێت:

| |
|---|
| ناسر شەیدا ئەم بەیانییە وەک هەموو بەیانییەکانی |
| لە تاوێرە هەڵکۆڵدراوەکان |
| بەیاننامە نهێنییەکانی هەڵگرت و هێنایە ناو شار |
| دووجار چووە ناو ئاو و هاتەوە بەر ئاوێنە |
| ئاوێنە وێنەی وەرنەگرت |
| نەیزانی تەنیایە یان یار و دیاری زمانبەدی لە تەنیشتەوەیە |
| پاڵەوانی ڕۆمانێک بوو لە گەشتێکی ترسناکدا |
| لە لاپەڕەی یەکەمدا مەرگ لە ژوورەکەی هاتوچووی کرد |
| وەک کراسی سەر ڕستە خوێنی لە کەمی دا (ڕەنجدەر، ل ٦) |

گرینگی ئەو شیعرە تەنیا لەوەدا نییە، کە شاعیر باس لە خەباتی سەربازێکی ون دەکات، کە نەگەیشتووە بەو خەونەی کە خەباتی بێوچانی بۆ کردووە، بەڵکو لە ڕوانینی ئەوە دایە، کە ڕەشبینی هزری کوردی گەیشتۆتە ئاستێک، کە بێدەنگی شکاندووە و پەیامێکی هۆشیارانەی قووڵی لە پشتەوەیە، ئەگەر دیقەت بدەین، ئەو شیعرە هەڵقولاوی دۆخێکە، کە دەسەڵاتی کوردی کەسانی پاک و شۆڕشگێری پشتگوێ خستووە. لەم دەقەدا بوونی کەسانی خاوەن هەڵوێست و قوربانی دان چوونەتە ژێر هەڕەشەی لە بیرچوونەوە

ئەو ئەزموونەی "ڕەنجدەر"، ئەزموونێکی زۆر گرینگ و هەستەوەرە. ئەزموونەکەش بە تەنیا ڕەشبینی نییە، بەڵکو بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵاتی کوردییە لەو بێباکی و پەراوێزخستنی کەسانی شۆڕشگێڕ ونیشتیمانپەروە. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین گرینگی ڕەنجدەر لەوەدایە، کە توانیویەتی بە شێوەیەکی چڕ ئەو بابەتە بخاتە بەرباس، وەکو کوردەواری گوتەنی بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژێت. لەلایەک باسکردنی خەبات و تێکۆشانی (ناسر شەیدا)، لەلایەکی دیکەوە کەم تەرخەمی دەسەڵاتی کوردی. ئەم شیعرە ڕاڤە و باس و خواستی دیکە هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها تیشکمان خستۆتە سەر ئەو بابەتە، کە مەبەستمانە.

**٢-٢- خەون و خەیاڵ**

خەیاڵ وەک جۆرێک لە توانای بیرکردنەوە و ئەفراندن لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بە بەردەوام هاوتەریبی لە نێوان هۆش و خەیاڵدا هەیە، چونکە شاعیر بەتەنیا ناتوانێت بژێت، هەمیشە خەیاڵ پانتایەکی فراوانی لە هەست و نەستی شاعیردا داگیرکردووە بەتایبەتی خەیاڵی داهێنەرانە.

(کاتژمێر) ناوونیشانی شیعرێکی دیکەی ئەو کۆشیعرەی "ڕەنجدەر"ە، دیارە شاعیر بە مەبەست ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، کە هێمایە بۆ (کات) بە هەرسێ کاتی کارەکان: کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، ئێستا. زمانی شیعری هەروەک چۆن دەستکاری پێکهاتەکانی دیکەی بنیادی زمانی ئاسایی دەکات، بەهەمان شێوەش دەستکاری پێکهاتە زمانییەکانی کات دەکات. دیارە ڕەنجدەریش ئەو کارەی کردووە، هەروەک لەم شیعرەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

| |
|---|
| بەو نیازە پەنجەرەکەم کردەوە |
| با بێتە ماڵەکەمەوە کەمانچە بژەنێت |
| درەخت گۆرانیبێژ و خاووخێزانیش کۆرس |
| کەلوپەلیش گوێگر |
| ئەستەمە لە ماڵێکدا دەنگ ئاواز نەڕسکێنێت |
| کاتژمێری هەڵواسراو |
| کات نەکاتە ئادەمیزادێکی درۆزن و فریودەر |
| مۆمم لە هەموو پەنجەرەی ژوورەکانی ماڵم داگیرساندووە و گۆرانی دەڵێم |
| سڵاو لە ئاڵای وڵاتەکەم سێبەرەکانی تێکەڵ نەکرد |
| بەختیار زێوەر گوڵی سەربەستی لە دەستی نزیک خستەوە |
| بە کۆڵانەکاندا بڵاوی کردەوە |
| درەنگ گەیشتە ماڵی خۆی |
| بۆنی تێدا نەما (ڕەنجدەر، ل١٠٧) |

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، کاتی ناو ئەم دەقە تاڕادەیەک کراوەیە، چونکە بە ڕابردوو دەست پێدەکات، کات بە چەند دەم و ساتی جیاجیا دەردەکەوێت، وەک (ڕابردوو، ڕانەبردوو، ئێستا)، هەروەها ئەم شیعرە ناوەڕۆکەکەی دوو مەبەست دەپێکێت:

١- کاتی کارەکان، واتە: کات و ئەو ماوەیەی کە کارەکانی تێدا ئەنجامدراوە، یان ئەنجامدەدرێت، یان ئێستا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت.

٢- نۆستالیژیا، واتە: گەڕانەوە بۆ کاتی ڕابردوو و خەیاڵکردن بۆ ئەو ڕووداوانەی کە پێشتر ڕوویانداوە و بەستنەوەی بە کاتی ئێستا. خوێندنەوەمان بۆ کاتەکانی ئەو دەقە، زیاتر دەوەستێتە سەر خولیا و خەیاڵمان بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لەو ماوەیە ڕوویانداوە.

شیعر خەیاڵە، خەیاڵیش تایبەتمەندییەکی ڕێبازی هێماگەرییە، ژیان بێ خەیاڵکردن بوونی نییە، خەیاڵ هیچ سنوور و کۆت و بەندێک ناناسێت، خەیاڵ ئامێری وێنەگرتنە بەدەست شاعیرەوە و بۆ وێنەگرتنی ئەو شتانەی کە لە مێشک و نەستی پەنگیان خواردووە. خەیاڵ لە گەشتێکی نهێنیدایە بۆ بینینی شتە شاراوەکان و نالۆژیکیەکانە. "ڕەنجدەر" لەو شیعرەیدا بەهۆی خەیاڵەکانیەوە وێنەی ئەو ڕووداوانەمان نیشاندەدات کە لە کاتی ڕابردوو لە شاری سلێمانی و لە ماڵێکی ڕۆشنبیر و شاعیرێکی ئازادیخواستی ئەوساکا ڕوویانداوە و دەیبەستێتەوە بە دەرئەنجامەکانی ئێستاکە. شاعیر شیعری (گوڵی سەربەستی)ی (بەختیار زێوەر) دەکاتە سەر مەشقی خەیاڵەکانی و وەکو هێمایەکی نەتەوەی و ڕۆژی ئازادی لە دووتوێی دەقە شیعرییەکەدا بەرجەستەی دەکات. "ڕەنجدەر" ئاهێک هەڵدەکێشێت بۆ بەختیار زێوەر کە مەرگ ڕێگای نەدا بە  چاوی خۆی ئەو گوڵە سەربەستییەی ببینێت و بۆنی بکات. کاتی بۆنکردنی ئەو گوڵە ئێستایە، کەچی بۆ بەختیار زێوەر دەمێکە کۆتایی هاتووە، یان هەر ئەو کات بۆ ئەو ئەستەم بووە پێی بگات و بۆنی بکات.

**٢-٣- زمانی ئاڵۆز**

ڕەنجدەر، وەک شاعیرێکی نوێخواز و جیاکار خاوەنی زمانێکی ئاڵۆزە، ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە، کە توانیویەتی لە ئەنجامی مەزراندنی وشە بۆ شوێنی مەبەست، جۆرە ناڕوونیەک و ئاڵۆزیەک ببەخشێتە وێنە شیعرییەکانی و نالۆژیکیانە شتەکان بخاتەڕوو. بۆ نموونە لە شیعری (حەکایەت)دا، کە دەڵێت:

| |
|---|
| بەرانبەر دوو کۆتر ڕاوەستاوم |
| کە بە دیار باڵەفڕێی بێچووەکانیانەوە سەرسامن |
| لەم ڕاوەستانەمدا ئەم لاو ئەولای ژیانم ماچ کرد |
| حەکایەتی تا هەتایە دروست بوو |
| کڵاوی بەڕوو ماڵی خدری زیندەیە |
| دڵشاد مەریوانی زەنگۆڵەیەکی بە دەرگای حەوشەی وەکرد |
| لەسەر پشتی ئاسنێکی سارد نووسی |
| هەبوو |
| نەبوو |
| هەیە و نییە |
| تابووت ژوورێکی تاریکە |
| چاوم نووقاند و لە دڵی خۆمدا بۆ شوێنێکی دوورم ڕوانی |
| شوێنێک بای پەڵە پرچی هەوری لەسەر دەموچاوی هەڵدایەوە |
| کێڵگەی گەنم گەورەبوو (ڕەنجدەر، ل٩٩) |

ئەگەر لەم شیعرە وردبینەوە، ئەوا کۆمەڵێک نالۆژیکییەت و ئاڵۆزی لە دەربڕین و مەبەستیدا بۆمان بەدیار دەکەوێت، لەوانەش:

١- دانەپاڵی خاوەندارییەتی شتێکی بەرجەستە بە شتێکی نابەرجەستە کاتێک، کە دەڵێت:

لەم ڕاوەستانەمدا ئەم لاو ئەولای ژیانم ماچ کرد

لای هەمووومان ئاشکرایە، کە ماچکردن تەنیا لە شتی بەرجەستە دەکرێت، کەچی شاعیر ماچ لە "ژیان" دەکات.

٢- دانەپاڵی خاوەنداریەتی شتێکی مرۆڤ بە دیاردەیەکی سروشتی کاتێک، کە دەڵێت:

شوێنێک بای پەڵە پرچی هەوری لەسەر دەموچاوی هەڵدایەوە

لەڕێگەی وشەی (پرچ) شاعیر ئەو کارەی ئەنجامداوە، بەوەی شتێکی مرۆڤی بەخشیوە و داویەتە پاڵ دیاردەیەکی سروشتی وەک (هەور). هەمووومان دەزانین (پرچ) تەنیا مرۆڤ هەیەتی، کەچی شاعیر بە (هەور)ی داوە. کە نالۆژیکییەت نیشاندەدات، ئەمەش تایبەتمەندێکی ڕێبازی هێماگەرییە. هەروەها هەر لەم دێرە شیعرەدا، شاعیر وشەیەکی نوێی وەک (بای پەڵە)ی لە هەردوو وشەی (با و پەڵە)دا داتاشیووە، کە پێشتر لەلای شاعیری دیکە بەکار نەهاتووە، یان ئێمە بەرچاومان نەکەوتووە.

٣- ئاڵۆزێکی دیکەی زمانی لای شاعیر، داماڵینی زمانە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیدا، بۆ نموونە لە دەقی (حەکایەت)دا یەکێک لەو داماڵینەی کە کردوویەتی؛ داماڵینی دەقەکەیە لە بکەرێکی دیاریکراودا. شاعیر لەم دەقەدا (سێ بکەری) جیاوازی نیشانداوە، ئەوانیش:

١- کەسی یەکەمی تاک (من)، کە خودی شاعیر دەگەیەنێت:

بەرانبەر دوو کۆتر ڕاوەستاوم

٢- کەسی سێیەمی تاک (ئەو)، دڵشاد مەریوانی:

دڵشاد مەریوانی زەنگۆڵەیەکی بە دەرگای حەوشەی وەکرد

٣- بای پەڵە

شوێنێک بای پەڵە پرچی هەوری لەسەر دەموچاوی هەڵدایەوە

وەک لەخستنەڕووی بکەرەکانەوە دەردەکەوێت، دەقەکە (٣) بکەری تێدایە. بکەری یەکەم سێ جار و بکەری دووەم دووجار و بکەری سێیەم یەک جار بەکارهاتوون. ئەم فرە بکەرە فرە بابەتی لەناو دەقەکەدا دروستکردووە، لەهەمان کاتدا ئەم فرە بکەرییە

یارمەتی بنیادی داماڵینی دەقەکە دەدات بەوەی دەقەکە لەژێر دەسەڵاتی یەک بکەری دیاریکراو کە ببێتە تەوەرەی بابەتەکان، دەردەکات. کەوابێت خوێنەر کاتێک تێڕامان لەم دەقەدا دەکات، بۆی دەردەکەوێت کە ئەو دەقە خاوەنی بکەرێکی دیاریکراو نییە، لە بکەرێکی دیاریکراو داماڵدراوە؛ دیارە ئەمەش بۆ جۆراوجۆری بابەتەکان لەلایەک لەلایەکی دیکەوە بۆ تێکەڵکردن و دروستکردنی ئاڵۆزیەک لە نێوجیاوازی بکەرەکان دەگەڕێتەوە.

٤- جگە لەو جیاکاری و نوێبەخشییانەی لای سەرەوە، شاعیر هەر لەم شیعرەیدا داهێنانێکی دیکەی کردووە، لەڕێگەی ئاڵۆزی زمانی وێنەیەکی جوانی کێشاوە، کاتێک دەڵێت:

| | |
|---|---|
| دڵشاد مەریوانی زەنگۆڵەیەکی بە دەرگای حەوشەی وەکرد | |
| لەسەر پشتی ئاسنێکی سارد نووسی | |
| هەبوو | |
| نەبوو | |
| هەیە و نییە | ( ڕەنجدەر، ل ٩٩) |

ئاڵۆزی و نالۆژیکیەکەی لەوەدایە، دەڵێت: ( لەسەر پشتی ئاسنێکی سارد نووسی)، ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە کە کانزایەکی وەک(ئاسن) تەنیا بە گەرمکردن و نەرمکردنەوەی دەتوانی شتی لێ دروست بکرێت، یان شتی لەسەر بنووسرێت، کەچی شاعیر هاتووە وێنەیەکی شیعری ئەبستراکتی کێشاوە، مەبەستییەتی پێمان بڵێت (مەریوانی) شاعیر بەرامبەر ڕژێمێکی بێ ویژدان و ستەمکاری وەک (بەعس) وەستاوەتەوە، پێوایە هیچ شتێک ئەستەم، نییە ئەگەر مرۆڤ خاوەن ورەی بەرز و دۆزێکی ڕەوا بێت، دەتوانێت ئەوەی مەبەستییەتی هەوڵی بۆ بدات، پێدەگات.

شاعیر لە کۆتایی دەقەکەدا مژدەی ڕزگاربوون و گەیشتن بە ئازادی ڕادەگەینێت، لەڕێگەی وشەی (گەنم) وەک هێمای فەڕ و بەرەکەتەوە، کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| کێڵگەی گەنم گەورەبوو | (ڕەنجدەر، ل٩٩) |

لەکۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، هەر خوێنەرێک ئاگاداری سەربردەی گرتن و زیندانیکردن ودواتر کوشتنی ئەم قارەمانە نەبێت، بەئاسانی لەو وێنە شیعرییانە و مەبەستی شاعیر تێناگات. ئەمە تەمومژی و ئاڵۆزی دەربڕینی شیعری هێماگەریی و نوێخوازی بەگشتی و ڕەنجدەری شاعیریش بەتایبەتییە.

**٢-٤-زمانی مۆسیقیی**

وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێدا، شاعیر لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)دا بەشێوەیەکی لێزانانە و نوێخوازانە مامەڵەی لە تەک وشە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی کردووە، توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆرباش سەرکەوتووانە گونجاندن لەنێوان دەنگ و واتادا بکات. هەروەها بایەخێکی باشیش بە ئاوازداربوونی وشەکانی داوە، بگرە هزر و هەستەکانی بە مۆسیقای وشەکانی سپاردووە. بۆ نموونە لە بەشێکی شیعری (ئاشق)دا، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| گوڵەبەڕۆژە ملکەچترین ئاشقە | |
| بەشەو ئەشقی بەتاڵ دەبێت | |
| کەواتە نیو دڵی هەیە | |
| نیو دڵ لەژێر گومان و چاودێریدایە | |
| وێنەی سەروەری | |
| لەناو بیر کردنەوەی بەرز نابێتەوە سێبەر بڕێژێت | (ڕەنجدەر، ل ١٠٤) |

شاعیر لە سەرەتای ئەم دەقەدا، دەستی بە وەسفکردنی ئاشقبوونی (گوڵەبەڕۆژە) کردووە، کە ئاشقبوونێکی کورت و کاتییە، چونکە تەنیا بەڕۆژ ئاشقی (خۆر)ە، بە بەردەوامی لە ڕۆژدا سەری بۆ دەسوڕێنێتەوە، کە (خۆر) ئاوادەبێت و ون دەبێت، ئاشقبوونی ئەویش نامێنێت و کۆتایی پێدێت. هەر بۆیە ڕەنجدەر پێیوایە، کە (گوڵەبەڕۆژە) خاوەنی نیو ئاشقبوونە و نیوەکەی دیکەی کەوتۆتە ژێر

گومانەوە. دەتوانین بڵێین لێرەدا شاعیر جۆرێک لە جۆرەکانی ئەشقبوونمان پێدەناسێنێ. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە و لە بەشێکی دیکەی ئەم شیعرەدا، شاعیر جۆرێکی دیکە و جیاواز لە ئەشقبوونمان پیشان دەدات لە وێنەیەکی بەراوردکاری زۆر جواندا، ئەویش لەڕێگەی وشەکانی( نواڵە، مورەبای میوە، بزە)دا، کە مانای قووڵ و تەمومژاوییان بەخشیوەتە بە شیعرەکە کاتێک، کە دەڵێت:

| |
|---|
| نواڵە تا ڕەنگی مورەبای میوەم بیر نەچووەتەوە |
| بەرانبەر وێنەکەت دەوەستم |
| سڵاو لە بزەیەک دەکەم کە سۆزی دەشارێتەوە (ڕەنجدەر، ل١٠٤) |

شاعیر، لێرەدا ڕاستگۆیی و ئاشقبوون و لەبیرنەکردنی خۆی بۆ (نواڵە)ی دووپاتدەکاتەوە، کاتێک پێدەڵێت تاکو ئێستاش ڕەنگی چاوەکانت کە چەشنی مورەبای میوەیە هەر لە بەرچاوەکانم ون نەبووە. ڕەنجدەر هاتووە (بزە)ی نواڵەی بەراورد کردووە بە (بزە)ی مۆنالیزا، کاتێک سەیری تابلۆی (مۆنالیزا) دەکەین، هەست بەوە دەکەین ئەو بزەیە، بزەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو هێمایەکی تەمومژییە. دیارە ئەو ئاشقەی شاعیریش نەیتوانیووە، یان نەیویستووە سۆز و خۆشەویستییەکەی بە ئاشکرا بۆی دەرببڕێت، تەنیا لەڕێگەی ئەو جۆرە بزەیەوە نەبێت. هەر بۆیە شاعیر توانیویەتی ئەو سۆزەی (نواڵە) لەڕێگەی بزەکەیەوە بدۆزێتەوە.
لەکۆتایی شیعرەکەدا، شاعیر بە وێنەیەکی ڕێک پێچەوانەی سەرەتای شیعرەکەی، کۆتایی بە شیعرەکە دەهێنێت و دەڵێت:
باڵندەی شیردەر تامەزرۆیی بۆ دیتنی خۆر نییە
ئەو وێنە پێچەوانەی، کە شاعیر خستوویەتە ڕوو، بریتییە لە هێنانەوەی (باڵندەی شیردەر) لە بەرامبەر (گوڵە بەرۆژە)، (باڵندەی شیردەر)یش هێمایە بۆ (شەمشەمەکوێر)ە، کە دوژمنی ڕۆژە و تەنیا بە شەو دەفڕێت و هەر بە شەویش چێژ لە ژیان وەردەگرێت.
"ڕەنجدەر" لەم شیعرەدا، لەنێوان دەنگ و واتادا پەیوەندییەکی هارمۆنی دروستکردووە، هاوچەشنی پارچە مۆسیقاییەکە، کە بۆتە زمانێکی مۆسیقیی و ئەو بابەتە بە بابەتە گشتییەکانی دیکەوە بەستێتەوە.

**٢-٥- خودبوون**

تایبەتییەکی دیکەیە لەم کۆشیعرەدا دەبینرێت. لە ڕاستییدا خودبوون، کە پێچەوانەی بابەتیبوونە، تایبەتییەکی شیعری هێماگەرییە، کەچی پێشتریش لای ڕۆمانسییەکان ئەمجۆرە هەستە دەربڕاوە، بەڵام لای هێماگەرەکان هەستی تاکەکەسین و پەیوەستە بە خودی یەک کەس، ڕەنجدەریش لە نووسینی شیعرییدا ئەو بابەتەی فەرامۆش نەکردووە، چونکە ئەگەر نووسین یارییەکی زمانەوانی بێت بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری، ئەوا "ڕەنجدەر" زۆر بە سەلیقەوە ئەو کارەی ئەنجام داوە. بۆ نموونە لە بەشێکی شیعری (دەست)دا، وێنەیەکی خودی خۆیمان بۆ دەکێشێت، کە دەڵێت:

| |
|---|
| مانگ دەستی خستە ناو دەستم |
| پەیمانی ڕوانینمان مۆر کرد |
| قاوەی ئاسوودەیی دوای بڕیارمان خواردەوە |
| تاپێڵۆوم خوناوی لێ کەوت |
| بێ پاشماوە ون بوو |
| دەبێ تا دەرکەوتنێکی دیکە ئۆقرە بگرم (ڕەنجدەر، ل٦٧) |

لێرەدا شاعیر وشەی (مانگ)ی وەک هێمایەک بەکارهێناوە بۆ دەربڕینێکی خواستراو. هەروەک ڕوونە مانگ هێمایە بۆ نوێبوونەوە و جوانی، دەکرێت لێرەدا وەک ڕەگەزی مێینە سەیری بکەین، چونکە شاعیر لەڕێگەی وشەی" دەست "، کە لە واتا بنچینەکەی دووری خستۆتەوە، واتە: پەیوەستی کردووە بە خستنەناو و مۆرکردن، کە ئەمانەش مرۆڤ خاوەنییەتی، یان خەسڵەتی مرۆڤە و هەر ئەویش ئەم کارە ئەنجامدەدات، کە دەڵێت:
مانگ دەستی خستە ناو دەستم
پەیمانی ڕوانینمان مۆر کرد
دواتر شاعیر لەڕێگەی کێشانی وێنەکەی دیکەوە زیاتر بەرچاومان ڕوون دەکاتەوە، مەبەستەکەی خۆی دەپێکێت. کاتێک، کە دەڵێت:

قاوەی ئاسوودەیی دوای بڕیارمان خواردەوە
تا پێڵووم خوناوی لێ کەوت

شاعیر، دوای گەیشتن بە ڕێکەوتن و مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ مانگەکەی، هەست بە ئاسوودەیی دەکات، وەکو چۆن گیا بە خوناو کپ دەکەوێت و ئارام دەبێتەوە، بەهەمان شێوەش شاعیر دوای نۆشینی قاوەی کامەرانی چاوەکانی تێر خەو دەبن و هەموو ناخۆشیەک و دڵەڕاوکێیەکەی لەبیر دەچێتەوە و کۆتایی پێدێت. ئالێرەدا ئەو پەڕی خودبوونی شاعیرە. دواتر دان بەخۆ دادەگرێت و چاوەڕێ دیدارێکی دیکەی هاوشێوەییە دوای بزربوونی، کە بەمشێوەیە دەدوێت:

بێ پاشماوە ون بوو
دەبێ تا دەرکەوتنێکی دیکە ئۆقرە بگرم

**٢-٦- ناڕوونی و ئاڵۆزی(تەمومژی)**

یەکێکە لەو تایبەتیانەی، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەم کۆشیعرەدا بەدیارکەوتووە. بۆ نموونە "ڕەنجدەر" لە بەشێکی شیعری (ئەستێرە)دا، دەڵێت:

| |
|---|
| زیندەوەرێک لەژێر زەوی هاتە دەرێ |
| هەوایەکی پاراوی هەڵمژی و بەچاو نزایەکی نواند |
| سوپاس بۆ بۆنی خۆشی پەڕەسێلکە |
| نەیهێشت ئەستێرە تەماشای ئەو ئادەمییانە بکات |
| درۆیان بە دەمیەوە کردووە (ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ل١٠٣) |

ئەگەر لەم دەقەدا وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وشەکان و ڕستەکان ڕوونن، ئاڵۆزێکی وایان تێدا بەدی ناکەین، کەچی هەموویان بەیەکەوە وێنەیەکی شیعری ئاڵۆزی هێماکراویان دروستکردووە، خوێنەر بەئاسانی تێناگات، چونکە هێماکان بوونەتە لەمپەر لەبەردەم ڕوونی و کردنەوەی کۆدەکان و هێما قورسەکان. بۆ نموونە لێرەدا چەند پرسیارێک ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە، لەوانەش:

١- ئەو زیندەوەرە دەبێت چی بێت کە لەژێر زەوی هاتۆتە دەرێ؟

٢- چ پەیوەست بوون و پەیوەندییەک لە نێوان بۆنی خۆشی (پەڕەسێلکە) و ئەو(ئادەمییانە)ی کە درۆیان لەگەڵ ئەستێرەدا کردووە، هەیە؟

ئەمانە وەکو گرێکوێرەیەک لەبەردەم تێگەیشتنی خوێنەر دان، بەمەش شاعیر بە هێنانەوەی ئەو وێنە شیعرییە جوانییەی سیمایەکی هێماگەری بە دەقەکە بەخشیووە. هەروەها دەیەوێت لەڕێگەی مەئلووفەوە لە شێوەیەکی ئاشکرادا قسە لەودیوی نامەئلوفەکان بکات. ئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە چۆنیەتی مامەڵەی شاعیرە لەگەڵ واتا و چەمکەکانی زماندا، کە بەشێوەیەکی دانایانە کاری لەگەڵدا کردوون.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند خاڵێک، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١-هێما لای "ڕەنجدەر" تەنیا یارمەتیدەرێکی سەرەکی پێکهاتەیی شیعر نییە، بەڵکو هەوێنی دروستبوونی شیعرەکانییەتی.

٢- "ڕەنجدەر" لەتەک هێما، زمانی لەپێناو فراوانکردنی سنووری هزر و بیرکردنەوەیدا بەکاریهێناوە. هەوڵیداوە زمانێکی جیاواز لە هی شاعیرانی سەردەمەکەیدا بهێنێتەکایەوە، بۆئەوەی فرەواتایی بە شیعرەکانی ببەخشێت.

٣- "ڕەنجدەر" توانیوویەتی خەون و خەیاڵ لەگەڵ زماندا هاوتەریب بکات، بۆئەوەی مەبەستە جیاوازەکان و شتە پەنهانییەکانی ناخی بەشێوەیەکی هێماگەرییانە دەرببڕێت.

٤- کۆ شیعری "سەدویەکشەوە"، یەکێکە لەو کۆ شیعرە دیارانەی "ڕەنجدەر"، کە چەندین بنەمای هێماگەریی تێدا بەرجەستەکراوە، وەک (زمان ئاڵۆزی، خەون و خەیاڵ، .......تاد).

٥- هێما لای "ڕەنجدەر"، بۆتە هۆکارێکی بەهێز بۆ دروستکردنی وێنەیی شیعریی بەهێز و ناوازە، چونکە خودان واتا و دەلالەتی جۆراوجۆرن، هەروەها بۆتە بەشێکی پەیوەستدار بە شاعیر و بە کاری دەهێنێت بۆ شاردنەوەی ئەو شتانەی، کە نایەوێت بەئاسانی بیانخاتە ڕوو.

٦- لە کۆ شیعری "سەدویەکشەوە"دا، چەندین بابەتی نالۆژیکیی و مەبەستدار پیشاندراوە، کە "ڕەنجدەر" لەڕێگەی هێمای جیاجیا بەرجەستەی کردووە.


## سەرچاوەکان:

**یەکەم/سەرچاوە کوردییەکان:**

**١- کتێب**

١-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (٢٠١١) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

٢-بەکر، د. محەمەد. (٢٠٠٤) پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٣- پیرباڵ، د.فەرهاد. (٢٠٠٤) ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس.

٤- حسەینی، ڕەزا سەید. (٢٠٠٦) قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٥- ڕەنجدەر، سەباح. (٢٠١٨) دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، تاران: چاپخانەی تاران.

٦- ڕەنجدەر، سەباح. (٢٠١٩) چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

٧- شەمیسا، د. سیروس. (٢٠١٨) ڕێبازە ئەدەبییەکان، و: هیمدا حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٨- عەبدولواحد، ئازاد. (١٩٩٧) پشکۆ و خۆڵەمێش، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

٩- عەلی، بەختیار. (٢٠١٥) نەرسیسی کوژراو، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە.

١٠- کرمانی، د. فەرهاد نازر زادەی. (٢٠٠٠) هێماگەرایی لە ئەدەبیاتی شانۆیی دا، وەرگێرانی:پێشڕەو حسین صالح، سلێمانی: دەزگای پەخشی سەردەم. ١١- مستەفا، علی. (٢٠٢١) نامە وەک بەدواداچوونی بیروراك چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

١٢- میراودەلی، کەمال مەمەند. (١٩٧٩) فەلسەفەی جوانی و هونەر، سلێمانی: چاپخانەی: زانکۆی سلێمانی.

٢- گۆڤار:

١٣-- موورادی، مریەمی. سمبوولیزم، وێران، ژ(٣-٤)، زستانی ١٩٩٦، هەولێر.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**کتێب:**

١٤- أحمد، د. محمد فتوح. (١٩٧٨) الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، دار المارف: القاهرة.

١٥- أحمد، محمد فتوح. (١٩٧٨) الرمز و الرمزية في الادب الغربي و العربي، ط٢: القاهرة.

١٦- انطونيوس، فريد. (١٩٧٥) المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا، ت: فليب فان تيغم، ط٢، منشورات عويدات: بيروت-لبنان.

١٧- الايوبي، د. ياسين. (١٩٨٢) مذاهب الادب-معالم و انعكاسات (الرمزية)، ط٢، ج٢، المؤسسة الجامعية للدرسات و النشر والتوزيع: بيروت.

١٨- الجندي، د. درويش. (١٩٥٨) الرمزية في الادب العربي، مكيبة نهضة مصر: القاهرة.

١٩- الحمداني، د. سالم احمد. (١٩٨٩) مذاهب الادب الغربي، مطبعة التعليم العالي: موصل.

٢٠- الافريقى، ابن منظور. (١٩٩٧) لسان العرب، المجلد الخامس، بيروت: دار الصادر.

٢١- دوران، جيلبر. (١٩٩١) خيال الرمزي، ت: علي المصري، بيروت.

٢٢- عبدالرحمن، نصرت. (١٩٧٩) في النقد الحديث- دراسة في مذهب حديثة و أصولها الفكرية، مكتبة الأقصى: عمان.

٢٣- عبدالله، د. عدنان خالد. (١٩٨٦) النقد التطبيقي التحليلي، ط ١، دار الشؤون الثقافية: بغداد.

٢٤- نصر، د. عاطفة جودة. (١٩٧٨) الرمز الشعر عند الصوفية، دار الأندلس: بيروت.

٢٥-هامين، ستانلي. (١٩٦٠) النقد الادبي و مدارس الحديثة، ت: د. احسان عباس، د. محمد يوسف نجم، دار الثقافة: بيروت.

٢٦-هلال، محمد غنمي. (بدون طبع) الادب المقارن (الرمزية)، ط٥، دار العودة- دار الثقافة: بيروت.

٢٧- هيرلاندز، ليليان ، (واخرون). (١٩٨٦) دليل القاري الادب الى الآدب العالمي، ت: محمد الجورا، ط١، دار الحقائق للطبعة و النشر، بيروت: لبنان.

**سێیەم/ سەرچاوەی فارسی**

٢٨- دهخدا، على أكبر. (١٣٤٢) لغتنا دهخدا، حرف (ر)، تهران: سازمان مديريت برنامه ريزى كشور.

**چوارەم / سەرچاوەی ئینگلیزی**

29- Myers, N. (2007). Symbolism. Retrieved on March, 27, 2022 from :http://www.metmuseum.org/toah/hd/symb/hd_symb.htm

**تجسيد اسس الرمزية في المجموعة الشعرية مائـة ليلة وليلة في قصائد صباح رنجدر**

**شرمين ابراهيم عزيز** **محمد بكر محمد**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل
shrmen.azeez@su.edu.krd mohammed.bakir@su.edu.krd

**ملخص**
تأسس المذهب الرمزي منذ نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين على عدة اسس فكرية و لسانية تختلف من حيث المفهوم والتوظيف الرمزي عن الرمزية الكلاسية التي تهتم بالعالم الخارجي للانسان، بينما يؤكد المذهب الرمزي على اعماق النفس البشرية باعتبارها محورا لأي مشروع حداثوي، لذا نرى عناصر مثل ( الحلم والخيال ، التشاؤم ، التعقيد اللغوي ، الغموض والضبابية ، اللغة الموسيقية و الذاتية)تتجسد بشكل ملحوظ في نتاج شعراء المذهب، وقد ارتأينا ان نولي هذه الناحية اهتمامنا في هذا البحث المعنون ( تجسيد اسس الرمزية في المجموعة الشعرية مائـة ليلة وليلة في قصائد صباح رنجدر) كأحد شعراء الحداثة في المرحلة الحالية للشعر الكوردي حيث اهتم الشاعر في هذا الديوان بالرمز وتوسع كثيرا في توظيف اهم اسس الرمزية في قصائده
.

**الكلمات الافتتاحية:** الرمزية، الغموض، الحلم والخيال ، التعقيد اللغوي، التشاؤم.

**The embodiment of the foundations of symbolism in the poetry collection One Hundred and One Nights in the poems of Sabah Ranjdar**

**Shrmen Ibrahim Azeez** **Muhammed Bakir Muhammed**
Kurdish language department, college of Education, Salahaddin University-Erbil
shrmen.azeez@su.edu.krd mohammed.bakir@su.edu.krd

**Abstract**
The symbolic doctrine was established since the end of the nineteenth century and the beginning of the twentieth century on several intellectual and linguistic foundations that differ in terms of concept and symbolic employment from the classical symbolism that is concerned with the external world of man, while the symbolic doctrine emphasizes the depths of the human soul as the focus of any modern project, so we see elements such as (Dream and imagination, pessimism, linguistic complexity, ambiguity and ambiguity, musical language and subjectivity) are embodied significantly in the product of the poets of the doctrine, and we decided to give this aspect our attention in this research entitled (Embodiment of the foundations of symbolism in the poetic group One Thousand and One Nights in the poems of Sabah Ranjdar ) As one of the modernist poets in the current stage of Kurdish poetry, where the poet was interested in this diwan with the symbol and expanded a lot in employing the most important foundations of symbolism in his poems.

**Keywords:** Symbolism, mystery, dream and imagination, linguistic complexity, pessimism.